**وەزارەتـــی دارایـــــی**

**ب.گ. دارایی**

**ژمێرکاری / دیراسات و لێکۆڵینەوە**

**ژمارە: ٢٢٣٤٥/١٨/٩**

**ڕێکەوت: ٢٠٠٨/١٠/٧**

## ڕێنمایــــــــی دارایــــــــی ژمـــــــارە (٤٤)

**بۆ / گشت وەزارەتەکان وفەرمانگەکانی نەبەستراو بە وەزارەت**

**ب/ پێشینەی خانووبەرە**

پاڵپشت بە هەردوو بڕیارەکانی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە ١٠٤٥٢ و ١١٠٠٢ لە ٩/٢٣ و ٢٠٠٨/١٠/٨ و بە مەبەستی خزمەت کردنی فەرمانبەران و هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستان لە پێناو کەم کردنەوەی کێشەی نیشتەجێ بوونیان بڕیاردرا بە خەرج کردنی پێشینەی خانووبەرە بەپێ ی ئەم بر و ڕێسا و مەرجانەی خوارەوە : .

**یەکەم // بڕی قەرز: ـ**

(١٢ ٠٠٠ ٠٠٠) دوانزە ملیۆن دینار بۆ فەرمانبەران و هاووڵاتیان ئەوانەی زەویەکانیان کەوتووتە ناو شار .

(٩ ٠٠٠ ٠٠٠) نۆ ملیۆن دینار بۆ فەرمانبەران و هاووڵاتیان ئەوانەی زەویەکانیان کەوتووتە دەرەوەی شار .

**دووەم // مەرجەکانی قەرز : ـ**

١- پێویستە وەرگری قەرز خێزاندار بێت و تەنها بۆ یەکێکیان خەرج دەکرێت .

٢- هەڵگری ناسنامەی باری شارستانی هەرێمی کوردستان بێت یان مووچە خۆری حکومەتی هەرێمی کوردستان بێت .

٣. هیچ خانوو یان شوقەی نیشتەجێ ی بە ناوی خۆی و خێزانی و منداڵە ناکامەکانی نەبێت بە شێوەیەکی سەربەخۆ .

٤- پێشتر پێشینەی خانووبەرەی وەرنەگرتبێت لە یەکێك لە بەنکەکانی هەرێم .

٥- فەرمانبەر لە یەك ساڵ زیاتر خزمەتی وەزیفی هەبێت .

٦- ڕێژەی (٢٪) ی ڕەسیدی قەرزەکە وەردەگیرێت وەك خەرجییەکانی کارگێڕی .

٧- ڕێژەی سوودی دواکەوتن (١٠٪) دەبێت لەسەر ڕەسیدی قەرزەکە .

٨- ڕووبەری بینا نابێت لە (١٠٠) م٢ کەمتر بێت و پێویستە مۆڵەتی بینای تایبەتی خۆی هەبێت .

**سێ یەم // ڕێساکان : ـ**

١- قەرزەکە بە دوو قۆناغ خەرج دەکرێت ، قۆناغی یەکەم دوای تەواوکردنی بادلۆ و قوناغی دووەم دوای تەواو کردنی بنمیچ (سقف) و بە شێوەیەکی یەکسان .

٢- ئەگەر هاتوو لە کاتی پێشکەش کردنی مامەڵەی داواکاری پێشینەی خانووبەرە بینایەکە قۆناغی بنمیچی تەواو کرابوو و کەم و کوری سەرەکی تیادا مابێت وەك (سپی کاری و دەرگاو پەنجەرە یان کاشی و دەرگاو پەنجەرە )ئەوە بە یەك جار تەواوی پێشینەکە خەرج دەکرێت .

ئەرشیفی ڕۆژنامەی وەقایعی کوردستان لە سایتی وەزارەتی داد



WWW.MOJKURDISTAN.COM

٣- قـەرزار دەبێـت کـەفیلێکی دەسـتەبەری هـەبێت (ضـامن) پێـشکەش بـە بـەنك بکـات و فەرمانبـەربێت و مووچـەی بنـەڕەتی نابێـت لـە (٠٠٠ ٣٦٢) سـێ سـەد و شەسـت و دوو هـەزار دینـار کـەمتر بێـت و ئەگـەر کەفیلکە فەرمانبەر نەبوو دەبێت ناسنامەی ژووری بازرگانی هەبێت .

٤- گەڕاندنـەوەی پێشینەکە بـۆ مـاوەی (١٥) سـاڵ دەبێـت بـۆ ئـەو فەرمانبەرانـەی کـە مووچـەی بنـەڕەتیان لـە (٠٠٠ ٦٥٠) شـەش سـەد و پـەنجا هـەزار دینـار زیـاترە و بـۆ مـاوەی (٢٠) سـاڵ بـۆ ئەوانـەی کـە مووچـەی بنەڕەتیان لە (٠٠٠ ٦٥٠) شەش سەد و پەنجا هـەزار دینـار کـەمترە هـەروەها بڕینـی پـشکی پێشینەکە لـە مانگی داهاتووی دوای مانگی وەرگرتنی یەکەم کوژمەی پێشینەکە دەست پێ دەکات .

٥- گەڕاندنـەوەی پێـشینە بـۆ مـاوەی (١٢) سـاڵ دەبێـت بـۆ هاووڵاتیـان ، هـەروەها وەرگرتنـەوەی پێـشینەکە ساڵانە دەبێت دوای تێپەڕبوونی ساڵێك لە بەرواری وەرگرتنی گوژمەی یەکەمی پێشینەکە .

٦- قـەرزار بـە هـەموو جۆرەکانیـەوە دڵنیـایی دەکرێـت لەسـەر ژیـانی بەرامبـەر بـڕی قەرزەکـەی لـە مـاوەی قەرزاریەکەی .

٧- ئـەو فەرمانبـەر و هاووڵاتییـەی کـە پێـشینە وەردەگرێـت و کۆچـی دوایـی دەکـات لێـدەبوردرێت لـە گەڕاندنەوەی ئەو ڕەسیدەی کە ماوە لە ئەستۆی لە دوای کۆچ کردنیدا ، بەڵام ئـەو پشکانەی کـە نـەدراوە لە پێش کۆچ کردنی دەبێت میراتگرانی ئەم پشکانە بدەنەوە بە بەنك لەگەڵ سوودی دواکەوتن .

٨- سیستەمی وەرگیرانی قـەرز بـۆ سـەر نـاوی یـەکتر (تـدویر الـدین) کـاری پـێ ناکرێـت لـە کـاتی فرۆشـتنی خانووەکە و دەبێت قەرزی ماوە بە تەواوی بدرێتە بەنك .

بۆ کار پێ کردنی ... لەگەڵ ڕێزدا .

**ڕەشید تاهیر حەسەن**
**بریکاری وەزارەت بە وەکالەت**

ئەرشیفی ڕۆژنامەی وەقایعی کوردستان لە سایتی وەزارەتی داد


WWW.MOJKURDISTAN.COM